# موزیکی نەورۆز

نووسینی : هۆشەنگ سامان
وەرگێڕانی : ئەکرەم ئەحمەد

فەرهەنگ و پێناسەی فەرهەنگی، چۆن لە بوونی مرۆڤدا شێوە پەیدا دەکات ؟ ئایا دەتوانرێت بوترێت، مرۆڤ تەنانەت بەرلە لەدایکبوونیشی خاوەنی فەرهەنگی تایبەتە یان بەر لە لەدایکبوون ئەم شتە گرنگەی بۆ ئاسانە ؟ دواجار ئایا فەرهەنگ و پێناسەی فەرهەنگی، یاسای بۆماوەیی پەیرەو دەکات ؟

هەموو منداڵێك دوای لەدایکبوونی یەکسەر دەکەوێتە گەڕان بە دوای مەمکی دایکیدا. خواردن و خەوتن گرنگترین چالاکییەکانی ژیانی ئەون و لەدوای دابینکردنی پێداویستییە ماددییەکان ئیتر داوای خۆشەویستی دەکات و بەلاواندنەوەی دایك و باوك دەگاتە ئارامی. ئەم رەوشە تا دووسێ ساڵ بەردەوام دەبێت. دوای ئەوە هەوڵەکانی دایك و باوك بۆ فێربوونی زمان کەمکەم دەستپێدەکات و بە گرنگترین دیاردەکانی فەرهەنگی ئاشنا دەبێت. سووری فێربوونی زمانی منداڵان بە ئاسایی بەفێرکردنی گوتەی جیاوازە کە لەفەرهەنگی ناو خێزان و کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت.

لەم سوورەدا هەندێك دایك و باوك چەمکی ئایینی فێری منداڵ دەکەن، هەندێکیتر داب ونەریتی کۆمەڵایەتی و شتی ناو خێزانەکانیان بە پێشەنگ دادەنێن. هەندێکیتر هەوڵدەدەن منداڵ بە وتەی هونەری ئاشنا بکەن و هەندێکیش زانیاری زانستی و وەرزشی و ... هتد دەکەنە دەستووری پەروەردەی منداڵ، بەڵام منداڵی ئێرانی لەم ساڵانەی دواییدا بەبێ هیچ جۆرە پەروەردەکارێك، پۆل و سیستمی فێرکاری بەیەکێك لەگرنگترین توخمی فەرهەنگەکەی ئاشنادەبێت کە ئەوەش نەورۆز و بۆنەی نەورۆزییە.

ئەو نازانێت نەورۆز چییە و لەکوێوە هاتووە و کێ دایهێناوە و چەند ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. منداڵی ئێرانی تەنها ئەوە دەزانێت کە نەورۆز



واتە بۆنەیەکی دیدەنی، جەژنی ئێرانی شایی و هەڵپەڕکێ و بەکورتی سۆز و خۆشەویستی زۆر و زەوەندە. پەیوەستبوونی نەورۆز لەگەڵ کەسێتی منداڵدا هاورێیە لەگەڵ چاکەکاری، سۆز و خۆشەویستی زۆر، لەبەرئەوە هەتا مردن نەورۆز بۆ ئەو، میهرەبانییە و دەنگدەداتەوە، بێزاربوون لەوەش نەشیاوە، تەنانەت ئەگەر ئێرانی چەندین فرسەخ لە سەرزەمینی لەدایکبوونی دووربێت.

جەژنی نەورۆز خاوەنی دابونەریتی تایبەتە، چەند رۆژ بەر لە نەورۆز چەندین رۆژیش دوای گۆڕینی ساڵی نوێ بەڕێوە دەچێت. جۆراوجۆری داب ونەریتەکان لەم بۆنە گەورەیەدا زۆرزۆرن و بەئاگایی بەپێی سەلیقەی تاکەکان لەکات و شوێنی جیاوازدا جۆراوجۆردەبێت. ئەوەی وا لە ئەدەبیاتی دێرینی ئێران بەجێماوە، نیشانیدەدات، ڕێورەسمی جەژنی نەورۆز و گۆڕینی ساڵە، لەرۆژگاری کۆندا هاورێ بووە لەگەڵ ژەنینی دەف. لەگەڵ سروودەکانی خەسرەوانی سەردەمی ساسانیان بەشێوەی ژەنینی بەگروپ بەم ئامێرە بەڕێوە چووە.

لای نەتەوەکانی ئێران بەڕێوەچوونی داب ونەریتەکان بەبێ موزیك گران بووە، لەوانەش جەژنی گەورەی نەورۆز. بونیادی نەورۆز لەسەر بنەمای خۆشی و شادییە و موزیکەکەشی خێرا و شادە، ئاهەنگی ناشاد ناتوانێت جێی خۆی لەودا بکاتەوە. موزیکی نەورۆز تەنیا هەر شادە و هەڵپەرکێش نییە، بەڵکو ئومێد بەدوارۆژ و هەستی پێشکەوتن لە دەروونیدا شەپۆل دەدات و ئەم ئاوازانەی بەتایبەتی تێدایە.

گرنگترین ئاوازی پەیوەندیدار بە جەژنی نەورۆزەوە، دەکرێت ئاماژە بکرێت بە چرکەی گۆڕینی ساڵ کە ساڵانێکی دوورودرێژە رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێرانی بەم بۆنەیەوە پەخشی دەکات. ئەم ئاوازە بە ووردی لەکەشی دەزگای چوارگا لە ریزی دەزگاکاندایە بەوەی کە قسەی لەگەڵدا نییە، بە دروستی ئاماژە بە هەڵهاتنی ساڵی نوێ دەکاتە مژدە. سازبەندییەکی تایبەتە بە هەردوو ئامێری دەهۆڵ و زورنا. جۆرێکە لە حیکایەتی هاتنی نەورۆز. خەڵکی ناوچەی بەختیاری لەکۆنەوە دەچوونە ناو ئاهەنگی تایبەت بە نەورۆز، ئێستاش



ئەم ئاهەنگە لە رێگەی ناوەندەکانەوە، لەگەڵ دەهۆڵ و زوورنادا گشتگیرتربووە. پارچە موزیکە ناوبراوەکە لەپەردەکانی چوارگایە و کۆتاییەکانی لە هیچ مەقامێك ناچێت. یەکێك لە سوننەتە لەبیرکراوەکانی ئێرانیان لە جەژنی نەورۆزدا، ڕێورەسمی پێشوازی بووە لە چرکە ساتی ساڵی نوێ. لەم ڕێورەسمەدا، کۆمەڵێك خەڵك، بەتایبەتی لاوان هاورێ لەگەڵ دەهۆڵ و زورناژەنەکاندا بەر لە گۆڕانی ساڵ دەچوونە دەروازەی شارەکەی خۆیان و دوایی پاش گۆڕانی ساڵی نوێ زورناژەنەکان و دەهۆڵکوتەکان دەگەڕانەوە. وەك بڵێیت جەژنیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ شارەکە هێناوە. ئەم دابە دێرینە زیاتر لە ناوچەکانی سەنتەری ئێراندا باوبووە، بەڵام ئێستا پێیان باشە کە رێورەسمەکە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن بێت! هەموو ساڵێك و هەموو نەورۆزێك نەتەوەکانی ئێران، نەك هەر لە جوگرافیای ئێراندا، بەڵکو لە ئاسیای ناوەراست تا ئاسیای بچووك، ژووررووی هیند و پاکستان، ئەوروپا و ئەمەریکا و ولاتانی عەرەبی، هەموو دەچنە پێشوازی نەورۆز. هەرچەندە وەکو رابوردوو نییە، بەڵام هەرچی چۆنێك بێت ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕدرێت و ساڵ بە ساڵ زیاتر برەو پەیدا دەکات، بەتایبەت لەو رووەوە کە ئەم بۆنەیە رووبەرووی پێشوازییەکی جیهانی دەبێتەوە و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە رۆژی یەکەمی نەورۆز ناونراوە رۆژی زەوی .